**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٠) لە ٢٣/ ٤ /٢٠١٣ بریارماندا بەدەرکردنی:

## یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٣
## یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی بەرکەوتە ( مستحقات ) داراییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق لە داهاتە ئیتیحادییەکان

## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** حکومەتی ئیتیحادی: حکومەتی کۆماری عێراقی ئیتیحادی.

**دووەم:** دەستور: دەستوری کۆماری عێراقی فیدڕاڵی ساڵی ٢٠٠٥.

**سێیەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق .

**چوارەم:** پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق .

**پێنجەم:** ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم .

**شەشەم:** داهاتەکانی نەوت و گاز: داهاتەکانی حکومەتی ئیتیحادی وەدەستهاتوو لە پرۆسە نەوتیەکان و لە نێوانیشیاندا فرۆشراوەکانی نەوت و گازو بەروبوم و دەستکەوتەکانی تری گرێبەستە نەوتیەکانی گرێدراو لەگەڵ کۆمپانیا بیانی و خۆماڵیەکان لە لایەن حکومەتی ئیتیحادی یان حکومەتی هەرێمەوە.

**حەوتەم:** خشتەی خەرجیەکان: خشتەی بڕی خەرجیە فەرمانڕەواو سەروەرییەکانی هاوپێچکراو لەگەڵ یاساکانی بودجەی گشتیی ساڵانەی ئیتیحادی لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٤ەوە .

**هەشتەم:** مەبەست لەم زاراوانەی دادێن ماناکانی بەرامبەریانە کە لە ماددەی یەکەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان - عێراقی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووە: ( نەوت ، نەوتی خاو ، گاز، گازی سروشتی ، کێڵگەی نەوت ، کێڵگەی هەنووکەیی ، کێڵگەی داهاتوو ، پرۆسە نەوتیەکان )

## بەشی دووەم
## ئامانجەکانی یاسا

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی ئەم یاسایە بریتیە لە:

**یەکەم:** وێنەکێشانی میکانیزمی یاسایی بۆ دیاریکردن و وەرگرتنی مافە داراییەکانی بەرکەوتە (مستحقات) بۆ هەرێم لە نێو داهاتە ئیتیحادییەکانداو، دەخرێنە نێو بودجەی گشتی هەرێمەوە.

**دووەم:** بەتواناکردنی هەرێم بۆ وەرگرتنی بەرکەوتە (مستحقات) داراییەکانی لە داهاتەکانی نەوت و گاز چ وەك خۆیان (عەینی شت) یان بە کاش بەگوێرەی دەستور.

**سێیەم:** وەرگرتنی بەرکەوتەکانی (مستحقات) هەرێم لە بەخشین و کۆمەك و قەرزی نێودەوڵەتی پێشکەشکراو بە حکومەتی ئیتیحادی ئەویش پاڵپشت بە بەندی یەکەم لە ماددەی (١٠٦)ی دەستور .

**چوارەم:** وەرگرتنی پشکی هەرێم لە هەر داهاتێکی تری یان قەرەبووێکی وەرگیراو لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە.

**پێنجەم:** دابینکردنی میکانیزمی پێویست بۆ وەرگرتنی بەرکەوتەکانی (مستحقات) هەرێم لە بودجەی ئیتیحادی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بڕە پارانەی کەلەکەبوونەو نەدراون وەك خەرجیەکانی سەروەریی و فەرمانڕەوایی هاتوو لە نێو بودجەی ئیتیحادیەوە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٤ەوە

**شەشەم:** وەرگرتنی قەرەبووە بەرکەوتەکانی (مستحقات) هەرێم لەو زیانانەی کە دەرئەنجامی ئەو کارە ستەمکارانەی رژێمی پێشوو بوون لە رێگەی داپلۆسینی بەکۆمەڵ و جینۆسایدو پرۆسەکانی ئەنفال و سیاسەتی زەوی سووتێنراو بەگوێرەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١١٢)ی دەستور.

**حەوتەم:** دەستەبەرکردنی دادپەروەریی لە دابەشکردنی داهاتە ئیتیحادییەکان بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی یەکپڕیزیی گەلی عێراق و دەوڵەتە ئیتیحادییەکەی بە گونجاویی لەگەڵ ماددەی یەکەمی دەستور.

## بەشی سێیەم
## مافە داراییەکانی هەرێم

**ماددەی سێیەم:** هەرێم مافی هەیە لە:

**یەکەم:** پشکێکی دادپەروەرانە لە داهاتەکانی نەوت و گازی دەرهێنراو لە سەرتاپای عێراق بەمەرجێك بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتووان تیایدا پاڵپشت بە هەر یەك لە ماددەی (١١١)و بەندی یەکەم لە ماددەی (١١٢)ی دەستور.

**دووەم:** پشکێکی دادپەروەرانە لە سەرجەم داهاتە وەرگیراوەکانی تری ئیتیحادیی و بەخشین و کۆمەك و قەرزە نێودەوڵەتیەکان تاوەکو حکومەتی هەرێم بتوانێت بە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی هەڵبستێت پاڵپشت بە بەندی سێیەم لە ماددەی (١٢١)ی دەستور.

**سێیەم:** پشکێکی سەربار لە داهاتەکانی نەوت و گاز بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە دەرئەنجامی کردەکانی رژێمی پێشوو لێیکەوتووە، پاڵپشت بە بەندی یەکەم لە ماددەی (١١٢)ی دەستور.

**چوارەم:** بەشدارییکردنی کردارەکیی لە پێکهێنان و ئەندامێتی دەستەی گشتیی چاودێری و دابینکردنی داهاتە ئیتیحادیەکان لە رێگەی نوێنەرایەتی کردنی هەرێم تیایدا بە شارەزاو نوێنەر بەگوێرەی حوکمی ماددە (١٠٦)ی دەستور.

**پێنجەم:** داواکردن لە حکومەتی ئیتیحادی بۆ تەواوکردنی ئەو یاسایانەی هاوبەشی کردارەکیی لە بەرێوەبردنی دەوڵەت و دامەزراوەکانی بەرجەستە دەکەن پاڵپشت بە حوکمی ماددە (١٠٥)ی دەستورو دوورخستنەوەی زیان لە مافە دارایی و ئابوورییەکانی هەرێم و دانانی یاسای دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گاز پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددە (١١٢)ی دەستور بۆ خێراکردنی گەشەسەندن لە هەرێم و پارێزگاکاندا.

**شەشەم:** بەشدارییکردنی کردارەکیی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بۆ بەبازاڕکردنی نەوت و گازی بەرهەمهێنراو لە کێڵگە هەنووکەییەکان، وە بە ڕۆڵی تاقانەی (حصري) خۆی هەڵبستێت لە بەرێوەبردنی کێڵگە داهاتووەکان لە هەرێمدا لە نێوانیشیاندا بەبازاڕکردنی نەوت و گازی بەرهەمهێنراو لێیان، کە هەرێم لێی بێبەشکراوە بەهۆی ڕەتکردنەوەی حکومەتی ئیتیحادی و هەڵنەستانی بە بینینی ڕۆڵی ئەرێیانەی خۆی لە وێنەکێشانی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و گاز کە لە بەندی دووەمی ماددەی (١١٢)ی دەستوردا ئاماژەی بۆکراوە.

**حەوتەم:** پشکێکی دادپەروەرانەی لە نەوت و گازی خاوو بەرهەمە نەوتیەکانی دابینکراو بۆ بەکاربردن لە سەرتاپای عێراق، بۆ تەرخان بکرێت بەمەرجێك بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان تیاییداو بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەتیی هەرێم و لابردنی ڕواڵەتەکانی جیاکاریی.

## بەشی چوارەم

## بنەماکانی دیاریکردنی مافە داراییەکانی هەرێم

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** ڕێژەی (١٧٪) حەڤدە لەسەدی متمانەپێکراو لە یاساکانی بودجەی ئیتیحادی دەبێتە بنەمایەك بۆ دیاریکردنی پشکی هەرێم لە کۆی گشتی خەرجیەکانی بەگەڕخستن و خەرجیەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بودجەی گشتیی ساڵانەی ئیتیحادی تاوەکو سەرژمێرییێکی دانیشتوانی گشتی لە عێراقدا ئەنجام دەدرێت ، وە هەرێم هەمان ڕێژەی لەمانەی خوارەوەی دەبێت :

أ- سەرجەمی داهاتەکانی بودجەی گشتیی ئیتیحادی لە نێوانیشیاندا داهاتی وەدەستهاتوو لە هەناردەکردنی نەوتی خاو.

ب- سەرجەمی نەوتی خاوی پاڵاوتەکراوو دابینکراو بۆ بەکاربردن لە سەرتاپای عێراقدا لە نێوانیشیاندا نەوتی خاوی پێویست بۆ بەگەڕخستنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا.

جـ- سەرجەمی خەرجیەکانی فەرمانڕەواو ودابینکراوەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی پرۆژەکانی پارێزگاکانی هەرێم و زێدە وەدەستهاتووەکانی داهاتەکانی نەوتی خاوی هەناردەکراوو دابینکراوەکانی خەرجیە سەروەرییەکانی دەستە هەرێمایەتیەکانی هاوشێوە لەگەڵ دەستە ئیتیحادیەکانی پێکهاتوو لە

( سەرۆکایەتی هەرێم ، پەرلەمان ، ئەنجومەنی وەزیران ، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، نووسینگەی جێگری سەرۆك وەزیران، گاردی هەرێم ( پێشمەرگە ) ، ئەنجومەنی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانیی ، دەستەی مافەکانی مرۆڤ، دەستەی دەسپاکی، ڕەگەزنامەو سنوور، و دەزگای ئاسایش ) .

**دووەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی دارایی و ئابوری، و پلاندانان، و سامانە سروشتیەکان لە هەرێمدا ئەوەی لە (أ، ب، ج)ی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆکراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی تری هەرێم، هەژمار بکەن.

**سێیەم:**

أ- سەرباری پشکی پارێزگاکانی هەرێم لە پترۆدۆلاری نەوتی خاوی هەناردەکراو لە هەرێمدا لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٩وە، ئەوا هەرێم مافی دۆلارێکی هەیە لە هەر پترۆدۆلارێکی هەر بەرمیلێکی نەوتی خاو و (١٥٠) مەتر سێجای گازی بەرهەمهێنراوو پاڵاوتەکراو یان دابینکراو بۆ بەکاربردن لە پارێزگاکانی هەرێمدا ، بە مەرجێك ئەم بەرکەوتانە ( مستحقات ) لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەگوێرەی ستاندەرە متمانەپێکراوەکانی حکومەتی ئیتیحادی هەژمار بکرێن.

ب- ئەو داهاتانەی بەکردار لە مەرزە سنووریەکانی پارێزگاکانی هەرێم دەستەبەرکراون دەگەڕێندرێنەوەو بە شێویەکی کورتکراوەیی (حصری) بۆ ئامادەسازیی و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی مەرزە سنوورییەکانی سەر بە هەر پارێزگایەك تەرخان دەکرێن.

جـ- ئەنجومەنی وەزیران بە پەسەندکردنی پەرلەمان، تایبەتمەند دەبێت بە دیاریکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتە وەرگیراوەکان لە لایەن هەرێمەوە ، ئەویش بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لێژنەیەکی وەزاریی پێکبهێنێت بە مەبەستی خەملاندنی قەرەبووە شایستەکان بەپێی برگەی (سێیەمی) ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە بە بڕە پارەی کاش یان بەوەی بەرامبەریانە لە عەینی شت لە نەوتی خاوی هەرێم بە مەرجێك ئەو قەرەبووە بەرکەوتانە (مستحقات) بە قیستی ساڵانە لە ماوەیەك کە لە (٥) ساڵ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات، بدرێنەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەو وەزارەت و ئەو لایەنانەی لە ماددە چواری ئەم یاسایەدا ئاماژەیان بۆکراوە لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایەدا تێپەڕ نەکات ، ئەرکەکانیان تەواو بکەن و راپۆرتی کۆتاییان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەن بۆ پەسەندکردنیان لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی رۆژ لە رێکەوتی گەیشتنی بۆ ئەنجومەن ، تێپەڕ نەکات.

## بەشی پێنجەم
## ڕێکارەکانی وەرگرتنی مافە داراییەکانی هەرێم

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پاش دیاریکردن و خەملاندنی مافە داراییەکانی هەرێم بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە داوا لە حکومەتی ئیتیحادی بکات بە دانەوەی شایستە داراییە خەملێندراوەکان بەپێی یاسا لە ماوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی بە داواکارییەکە و هەڵسانی بە دانانی یاسای دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گاز پاڵپشت بە بەندی یەکەم لە ماددەی (١١٢)ی دەستور.

**دووەم:** لە حاڵەتی ئاگادارنەکردنەوەی حکومەتی هەرێم لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە بە ئامادەبوونی بۆ دانوستان دەربارەی شایستەکانی هەرێم ، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکەی هەرێم یان بەسەرچوونی (٩٠) نەوەت ڕۆژ بەسەر ڕێکەوتی دەستپێکردنی دانوستان بەبێ گەیشتن بە پێکهاتنێك لە نێوان هەردوو لایەن یان ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی هەرێم بە شێوەیەکی نائاشکرا یان ئاشکرا یان بێ دەنگبوون لە ئاستیەوە، ئەوا پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم ئەو ڕێکارانەی بە گونجاویان دەبینێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی خۆی بگرێتەبەر لە نێوانیشیاندا بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاوو گاز بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم ئەو بەرکەوتانە (مستحقات) کەوا حکومەتی ئیتیحادی خۆی دەگرێت لە دانەوەیان ، چ بەر لە بەرکاربوونی ئەم یاسایەوە بێت یان لە دوای و ئاگادارکردنەوەی پەرلەمان لێیەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

حکومەتی هەرێم لەو بڕیارو ڕێکارانەی بەپێی ئەم یاسایە دەیانگرێتەبەر پابەند دەبێت بە حوکمەکانی یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە نێوانیشیاندا مامەڵەکردنی لەگەڵ داهاتە وەرگیراوەکان و هەڵدەستێت بە بەرپرسیاریەتیەکانی بەپێی پرنسیپ و ستاندەرە تایبەتەکانی دەسپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازییە دەرهێنراوەکان (EITI).

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت .

**ماددەی نۆیەم:**

وەزیری سامانە سروشتیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئـابوری بـۆی هەیـە رێنمـایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئـەم یاسـایە لـە رێکـەوتی بلاۆکردنـەوەی لـە رۆژنامـەی فـەرمی ( وەقـایعی کوردسـتان ) دا جێبەجێ دەکرێت.

**مـسعود بـارزانـی**
**سـەرۆکـی هەرێمـی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
٥ / ئایار /٢٠١٣ ی میلادی

**هۆکارە پێویستەکان**

لەبەر ئەوەی دەستوری عێراقی دەقی کردووە لەسەر مافە داراییەکانی هەرێم، چ ئەوەی شایستە بێت لە داهاتە ئیتیحادیەکان لە نێوانیشیاندا نەوت و گاز یان ئەوەی شایستەیە لە قەرەبووکردنـەوەکانی هەرێم لەو سوودانەی لەدەستی داون و لەو زیانانەی پێیگەیشتوون لە دەرئەنجامی بێبەشـکردنی لـە شایستەکانی لە داهاتەکانی دەوڵەتی عێراقی بۆ دەیان ساڵ و ئەو زیانـە گیـانیی و داراییانـەی بـە هاولاتیانی هەرێم گەیشتووە لە دەرئەنجامی سیاسەتە داپلۆسێنەرە ستەمکارەکانی حکومەتە عێراقیە یەك لە دوای یەکەکان و جێبەجێکردنیان بۆ سیاسەتی زەوی سوتێنراو بۆ کوردستان و جینۆسایدکردنی گەلەکـەی ، وە لەبـەر ئـەو دەسـەلاتانەی هـەرێم کـە دەسـتور دەقـی لەسـەر کـردوون و ئـەو تایبەتمەندییانەی پێی راسپێردراوەو بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی هـەرێم و شایـستە داراییـەکانی ، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا .